# مەرزییەی فەریقی ماڵئاوایی لێ کردین!

رێبوار رەشید
٢٠٠٥/٩/١٨
ستۆکهۆڵم

بە داخ و حەسرەتێکی زۆرەوە ئەمڕۆ ٢٠٠٥/٩/١٨ مەرزییەی فەریقی گیانی پاکی سپارد و ماڵئاوایی لە کوردستان و هەموو کوردستانیان کرد.
مەرزییە خەباتگێڕێکی کوردستانیی، دایکێکی نموونەیی، هاورێ و پشتی ئەستووری ناسری رەزازی، هۆزانێکی بلیمەت و خەباتگێرێکی ژن بوو کە هەمیشە جێی خاڵی دەبێت.
مەرزییە لە هەموو نارەزایی و خۆپیشاندانێکدا، لەو کاتانەدا کە بەفر و سەرمای سوێد لە هەرە گوژمی خۆیدا بوو، هەمیشە یەکەمین کەس و لە پێش هەمووانەوە دەوەستا و بە سەری بەرز و سنگی شێرانەوە گۆرانی بۆ ئازادی کوردستان دەچڕی.
مەرزییە بەڕاستیی کوردستانیی بوو، بۆ کوردستان دەژیا، یەکێك بوو لەوانەی کە باشوور و رۆژئاوا و باکووری نەدەناسی، کوردێکی ئازادیخواز، ئافرەتێکی سەربەرز و بەجەرگ کە ڕاشکاوانە بەرگریی لە مافی ژنانی کورد دەکرد.
داوا لە هەموو کوردستانییەك، لە حوکمەتی هەرێمی کوردستان، لە هەموو پارتێکی کوردستان و هونەردۆستان دەکەم کە بەو پەڕی تواناوە پشتی ئەو خانەوەدایە بگرن کە دەستی رەشی جمهوری ئیسلامیی ئێران لە کوردستان هەڵی کەندن، بەڵام هەرگیز بۆ چرکەیەکیش ورەی بەرز، شەهامەتی مرۆڤایەتیان، چالاکیی خەباتگێڕانەیان نە لەرزی.
مەرزیە دایکێکی دڵسۆز و فیداکار، بەرهەمی ژیانی ئەو، سێ مرۆڤی کوردستانیی، هەمیشە سەرحاڵ و ورەبەرز و چالاك لە پشت کورد و باوکودایکیانەوە دەست لە سەر سنگ ڕاوەستاون و ڕادەوەستێن.
مەرزییە، شەهیدی شۆڕەژن، هاورێیەکی فیداکار ئیتر لەمەودا لە ناوماندا نامێنێت، بەڵام هەستی ئەو، ورەی ئەو، چالاکی بێمانەند و ماندوونەناسیی ئەو لە گەڵماندا بۆ پێشەوە بەرەو کوردستانێکی سەربەخۆ و گەلێکی سەرفراز و ئازاد، هەنگاو دەنێت.
هەزاران درورد بۆ گیانی پاکی ئەو شەهیدە قارەمانە و شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی کورد و کوردستان، سەدان سڵاو لە خانەوادەی بەڕێز و هەمیشە ورەبەرز و سەربڵندی ئەو خانەوادەیە.
سەرەخۆشی لە هەموو کوردستانییەك کە لە زەرەری نەتەوەیی حاڵی دەبن.